## بەرێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان

من هاوولاتی (جەلال ئەحمەد محەمەد) لە دایکبووی سالی (1947)م لە ژیانمدا زۆر زەحمەت و ناخۆشییم بینیوە, هەردەم هەژاری و نەداری پێشی لێ گرتووم و هەنگاوەکانمان سستە, پاش ئەم هەموو ناخۆشییە, ئێستا چاوەکانم روو لە کوێر بوونەو تووشی نەخۆشی بوون, پاش سەردانی کردنم بۆ لای زۆربەی دکتۆرەکانی شارەکانی کوردستان و عێراق, هەموو دکتۆرەکان جەختیان لەوە کردەوە کە چارەسەرم لە دەرەوەی ولاتە, منیش هەر چۆنێك بێت خۆم گەیاندە ولاتی ئێران, (3) جار نەشتەرگەریم بۆ کراوە، ئێستاش مانگێکی بەسەرچووە تاوەکو بچمەوە لای دکتۆر، ئەگەر ئەم سەردانەشم نەکەم بۆ هەتایی لە بینین بێبەش دەبم، دوای ئەوەی کچێکی 13 سالانم لە شەڕە مالوێرانکەرەکان گیانی لە دەست دا چاوی منیش بەرەو کوێر بوون چوو، ئێستاش هیچ مندالێکم بۆ نەماوەتەوە، بۆ سەردانەوەی دکتۆریش هیچ شك نابەم، لە گەل ئەوەش کە پێشمەرگەیەکی بە ئەمەگی شۆڕش بوومە، وەك لە سەرەوەش ئاماژەم پێکرد من لە خانەوادەیەکی هەژارم, ناتوانم پارەی ئەم سەفەرە دابینبکەم, جا داوا لە بەرێزتان دەکەم بەدەم داواکارییەکەمەوە بێن. جەنابتان هەردەم پشتوپەنای هەژاران بووی فریام بکەوە تا ئەو تەمەنەی ماومە تروسکایی لە چاوانم بمێنێ.